# کۆمەڵە.. بەرەو لێکترازانی باڵەکان

■ ئا: لاپەڕەی کوردستانی

بەدوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی دوانزەهەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا، بۆ ماوەیەکی کورت گرژیو ئاڵۆزی باڵی بەسەر ئۆردوگای زرگوێزەڵەدا کێشا، کە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەو مەڵبەندی پێشمەرگەو کادێرانی هەردوو باڵی زۆرینەو کەمینەیە.

لەبەرامبەردا بەرپرسانی هەردوو باڵەکە تەئکید لەوە دەکەنەوە کە گرژییەکی ئەوتۆ روونەداوەو هەموو ئەوەی کە بووە لەسنووری شەڕە قسەیەکی هاکەزایی تێنەپەڕیوە، ئەو قسەو باسەش رەتدەکەنەوە کە گوایە ئاسایش بەنیازە بچنە ئۆردوگاکەوەو بکەونە بەینیانەوە، ئەوان دەڵێن «ئەو قسەیە دوورە لەڕاستییەوە».

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر دوا گۆڕانکاریو رووداوەکانی ئەم کێشەیەی ئێستای ناو کۆمەڵە، ئاوێنە چەند پرسیارێکی ئاراستەی هەر یەک لە ئەبوبەکری مودەرەسی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵە «باڵی زۆرینە»و «رەزا کەعبی» کەسی دووەمی رەوتی ریفۆرمو چاکسازی «باڵی کەمینە» کرد.



ئەبوبەکری مودەرەسی

*دەستکەوتو گۆڕانکارییەکانی کۆنگرەی دوانزەی ئێوە چی بوون؟

- کۆنگرەی دوانزە کە چەند رۆژێک لەمەوبەر سەرکەوتووانە کۆتایی بەکارەکانی هێنا، بەروحێکی زۆر یەکگرتووانەو تێکۆشەرانە تەواوکەری هەموو ئەو کاروبارانە بوو کە ئێمە نەپەرژاینە سەری لەکۆنگرەی یانزەدا تەواوی بکەین، ئاڵوگۆڕی پێویستی لەبەندو ماددەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە کرد، کۆمیتەی ناوەندی نوێی هەڵبژارد، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان لەکوردستانی ئێرانو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستانو ئێرانو ناوچەکەو چەندین مەسەلەی تر تەوەرەی سەرەکی باسو خواسەکانی کۆنگرە بوون، ئەساسەن هەموو زمانی پەیڕەوی ناوخۆمان گۆڕیوە بەزمانێکی سادەتر کە خەڵک باشتر تێیبگاو باشتر دەنگدانەوەو رەنگدانەوەی ئەو جێگەو پێگەیە بێت کە کۆمەڵە تێیدایە لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.

*ئایا بەندی یەکی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە دەگۆڕێت کە پێشتر جێی مشتومڕی ئێوە بوو؟

- قسەوباسێکی زۆر لەسەر ئەو بەندە کرا، دەقی کۆتایی سپێردرا بەکۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی دوانزە، بۆ ئەوەی رێکیبخاتەوەو دابیبڕێتەوەو گۆڕانکاری تیا بکا.

*هەڵبژاردنەوەی عەبدوڵای موهتەدی بەسکرتێر هیچ رکەبەرو کاندیدی بەرامبەر نەبووە ئایا پێتانوایە ئەمە ئەم هەڵبژاردنەوەیە پرۆسەیەکی دیموکراسییە؟

- بەڵێ پرۆسەیەکی تەواو دیموکراسی بوو، هەموو ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە دەرفەتو هەلی ئەوەیان بوو ئەگەر بیانوویستایە خۆیان کاندید بکەن، هیچ کۆسپو تەگەرەیەک لەبەردەمیاندا نەبوو، بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانەی کە ئێمە لەحیزبی کۆمۆنیست جیابووینەوەو چالاکی کۆمەڵەمان سەرلەنوێ دەستپێکردەوە، عەبدوڵای موهتەدی کەسایەتییەکی جێی قبوڵی هەموو کۆمەڵە بووە بۆ ئەو پۆستەو رکەبەری نەبووە، من لەهەموو ئەو کۆنگرەو کۆبوونەوانەی کە بەشدار بووم نەمدیتووە کە رکەبەرو کاندیدێکی دیکە هەبێت، کەسێکە هەمووومان لەسەری کۆکینو بەتەوافوق ساغ بووەتەوە کە نوێنەرو وتەبێژی ئەم حیزبە بێت، ئەمە خاڵی بەهێزی ئەم حیزبەیە.

*بەڵام لایەنی بەرامبەر پێیانوایە بەبەشداری نەکردنیان لەکۆنگرەو نەبوونی کاندیدێکی رکەبەر لەبەرامبەر عەبدولای موهتەدی، وایکردووە کە کۆنگرەکە ببێتە کۆنگرەی تەنها باڵێکی ناو کۆمەڵەو دەشڵێن شەرعییەتی نییە؟

- تا ئەو جێگەیەی من بزانم هاوڕێیانی باڵی کەمینە لەڕاگەیاندنەکانیاندا قسەو رەخنەیان هەبووەو ئەوانەشیان زۆر بەڕاشکاوانە وتووە، بەڵام ئەوەندەی من بەئاگا بم لەسەر شایستە بوونی جەنابی کاک عەبدوڵای موهتەدی هیچ قسەیەکیان نەبووە، وتەبێژەکانیشیان زۆر بەڕاشکاوی وتویانە کە ئەوان لەسەر پۆستی کاک عەبدوڵا هیچ قسەوباسو بەرهەڵستییەکیان نییە.

*بەڵام ئەوان دەڵێن کۆی دیاردەکانی ئەم کۆنگرەیە شەرعیەتی نییە؟

بەداخەوە قسەیەکی وایان کردووە، دیارە زۆرمان پێخۆش بوو کە لەکۆنگرە بەشداری بکەن، زۆر هەوڵی چڕوپڕمان دا، کاتی بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەپلینیۆمێکی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یانزە بەکۆی دەنگ بەهەموو هاوڕیانی کەمینەو زۆرینەوە دیاریکراو هەمووومان لەسەری کۆک بووین، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرە نائومێد نەبووە پێشیباشە کە دیالۆگێک هەبێت لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە.

*هەڵوێستی کۆنگرە لەسەر باڵی کەمینە چی بوو؟

- هەڵوێستی کۆنگرە لەسەر ئەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە بەشداری نەکردنی ئەو هاوڕێیانە کارێکی هەڵەیە، باشتر ئەوە بوو کە ئەوان لەپێناو یەکگرتووی ریزەکانی کۆمەڵە لەو کۆنگرەیەدا بەشداریان بکردایەو قسەو مەدحی خۆیان بکردایەو خۆیان شایستەکانیان خۆیان کاندید بکردایە بۆ کۆمیتەی ناوەندی، لەگەڵ ئەوەش قسەی زۆر ئاشتیجویانەو هاوڕێیانە لەسەر ئەو هاوڕێیانە کراوە، هەموو کۆنگرەرەش لەسەر ئەوە ساز بوو کە بانگەواز بکرێن بۆ بەشداری کردن لەسەرکردایەتی کۆمەڵەو رێژەیەکیشیان بۆ دانرا.

*ئێوە چەند گەشبینن کۆمەڵە بەیەکریزی بمێنێتەوە یاخود بەپێچەوانەوە مەترسیی ئەوەتان نییە کە هاوڕێیانی دوو باڵەکەی کۆمەڵە لەبەردەم لێکترازاندان؟

- من خۆم ئومێدەوارم هەوڵو تەقەللای ئەم دواییەی ئێمە بەسەرەنجام بگات، دیارە ئەوە کارێکە کە بەردەوام دەبێت ئێمە بیکەینو نابێت لێنائومێد بین، من خۆم گەشبینمو پێشموایە ئەم هەوڵانە بەسەمەر دەگات.



رەزای کەعبی

- ئایا دوای ئەم کۆنگرەیەک دەرفەتێک بۆ پێکهاتنەوە لەگەڵ ئەواندا ماوە؟

- نەخێر ئەوان هەموو مەجالو دەرفەتەکانیان داخست، ئێمە پێش کۆنگرە زۆر هەوڵمان دا کۆنگرە دوابخرێت، وتمان لەهەلومەرجێکدا کە ناکۆکی ناوخۆیی سەریهەڵداوەو بەرەو توندبوونەوەی زۆرتر دەچێت، گرتنی کۆنگرە لەهەلومەرجێکی وادا خزمەتمان پێناکات، چونکە ئامادەکاریی تەواوی بۆ نەکراوە، کۆمیسیۆنێکی هاوبەش کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە بوومان کە لەئێمەو ئەوانیشی تێدا بوو هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکرد، بۆیە ئێمە پێمانوایە کە هەڵبژاردنەکەی کۆنگرە بەهیچ جۆرێک دیموکراتیک نەبووە، بەجۆرێک ئاییننامەو تەداروکاتەکەی داڕێژرا بوو کە کەمترین نوێنەری ئێمە بچنە کۆنگرەوە، بۆیە ئێمە ئەو هەڵبژاردنانەمان تەحریم کرد. دوای ئەوەش چەند پێشنیارێکمان هەبوو، یەکەم ئەوەی ئەم کۆنگرەیە نەبەسترێت. دووەم رەهبەرییەکی هاوبەش هەڵبژێرین، یان ئەگەر هەر کۆنگرەش دەگرن ئێمە بەپێی وەزنو رێژەی خۆمان لەنێو تەشکیلاتو ئەندامانی کۆمەڵەدا بچینە کۆنگرەوە. بەڵام هیچ کام لەوانەیان پەسەند نەکرد. ئەوان کۆمیتەی ناوەندی خۆیان هەڵبژاردووە، پەیڕەوی ناوخۆیان گۆڕیوەو بەجۆرێک دایانڕشتووەتەوە کە دەیکاتە حیزبێکی داخراوترو مافی کەمینەشیان لەکۆمەڵەدا بەرتەسکتر کردووەتەوە.

*باشە ئەو تەحریم کردنو بەشداری نەکردنەی ئێوە چ خزمەتێکی بەخۆتانو بەکۆمەڵە کرد؟

- ئێمە پێمانوایە بەم کارە پێشمانگرت بەرەوتێکی هەرە نادیموکراتیک لەناو کۆمەڵەداو سیاسەتێکی زۆر زۆر گونجاوو دروست بوو.

*باشە سەرەنجام ئەوان کۆنگرەی خۆیان کردو کۆمیتەی ناوەندییان هەڵبژاردووەو دەستکاری پەیڕەوی ناوخۆشیان کردووە، ئێوە چ کاردانەوەیەکتان بەرامبەر بەم واقیعە نوێیە دەبێت؟

- ئێمە ئێستا دوو پێشنیارمان هەیە، یەکێکیان ئەوەی کە ئێمەو ئەوان وەک دوو باڵ بمێنینەوە لەناو کۆمەڵەدا، ئەمە حەقیقەتێکە ئێستا هێزی پێشمەرگە، ئەندامان، تەشکیلاتی نهێنی هەموو ئەوانە لەلایەن دوو سەرکردایەتییەوە سەرپەرشتی دەکرێن، واتە دوو ئۆتۆریتە هەیە لەناو کۆمەڵەدا، دەبێت ئەم دوو باڵە بەڕەسمییەت بناسرێت. ئەوان کۆنگرەی خۆیان بەستووە، ئێمەش سمیناری رەوتی چاکسازیو گەشەی کۆمەڵەمان بەستو دوو رۆژ درێژەی بوو، دەکرێت هەرلایەو رەهبەری خۆی بێتو دەتوانین رەهبەرییەکی هاوبەشیش دابنێین، وەک نیمچە بەرەیەکی چەپ کار بکەین. ئەگەر ئەوەیان لەگەڵ کردین ئەوا ئێمە ئامادەین وەک باڵێک لەناو کۆمەڵەدا بمێنینەوە، ئەگەر نا سەرەنجام دەبێت هێز جیا بکەینەوەو هەر لایەو وەک حیزبێکی سەربەخۆ کار بکات.

*ئێوە تا چەند گەشبینن بەمانەوەتان لەناو کۆمەڵەدا یاخود بەپێچەوانەوە پێتانوانییە کە ئێوە لەبەردەم لێکترازانی کۆمەڵەدان؟

- من بەشبەحاڵی خۆم زۆر گەشبین نیم، پێموایە ئەو هاوڕێیانەی کە چوونەتە کۆنگرەوە، کە من بەکۆنگرەی کۆمەڵەی نازانم، بەکۆنگرەی لایەنێک لەکۆمەڵەی دەزانم، بەکۆنگرەی کەمایەتییەک لەکۆی کۆمەڵەی دەزانم، هەڵبژاردنی خۆیان کردووە، لەئۆردوگاکانی کۆمەڵە دەرگای ئۆرگانەکانو دامەزراوە حیزبییەکانیان داخستووە، هاوڕێکانی ئێمەیان لەسەر کار لابردووە، ئەو ئیمکاناتو کەلوپەلو ئۆتۆبێلانەی لای هاوڕێکانی ئێمە بوون لێیانوەرگرتونەتەوە. تا هاتووە ئەوان کاری هاوبەشیان کوێرتر کردووەتەوەو بەرپرسیارێتی راستەوخۆی ئەمەش لەسەر شانی ئەوانە.

*ئێستا گفتوگۆ لەنێوان ئێوەو ئەواندا ماوە؟

- بەڵێ ماوە، دۆستانمان دێنو دەچنو هەروا جۆرێک لەپەیوەندیو گفتوگۆ بەردەوامە.

*ئایا ئەم پەیوەندییە تەنها تاڵەموویەک نییە کە پچڕانی لەئانوساتدایە؟

- هێشتا پەیوەندیمان لەتاڵەموو زۆر زۆرترەو دەبێت کاری بۆ بکەین.

*بەڵام ئێوە کۆی هەڵبژاردنی کۆنگرەکە بەناشەرعی دەزانن، بۆ نمونە ئێوە چۆن لەهەڵبژاردنەوەی عەبدوڵای موهتەدی دەڕوانن، ئایا بەسکرتێری شەرعی کۆمەڵەی دەزانن؟

- ئێمە لەچەند مانگی رابردوودا بەگشتی لەسەر ئەوە کۆک بووینو پێمان لەسەرئەوە داگرتووە کە کێشە لەسەر سکرتێری گشتی نییە، کێشە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات نییە، هەرچەندە ئەوەش بۆ خۆی گرفتە، بەڵام ئێمە زۆر خۆمان لەوە پاراستووە کە کێشەکە بکەینە ئەوە. ئێمە هەموو دیاردەکانی ئەو کۆنگرەیە بەناشەرعی دەزانین.

*واتە ئێوەش لەسەر ئەوە کۆکن کە عەبدوڵای موهتەدی تاقانە سکرتێرەو هیچ رکەبەرێکی نییە؟

- نەخێر من پێموانییەو ئەوە رای شەخسی خۆشمە. من پێشتریش وتومە حیزبێکی پێشکەوتوو دەبێت چەندین کاندیدی هەبێت بۆ سکرتێری، ئەوەش دەتوانێت هەڵبژاردنی واقیعیو راستەقینە بێت، پێویستە واز لەو تاقانەییە بهێنین، ئەوە خاڵی لاوازی ئەو جۆرە حیزبانەیە، بەتایبەتی کە ئێمە خۆمان بەحیزبێکی چەپو سۆسیالیستیو یەکسانیخواز دەزانینو دەبێت لەو فەرهەنگو نەریتە دوور کەوینەوە.

*ئەگەر ئێوە لەکۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان جیا ببنەوە، ئەمە هەنگاوێک لەکۆمەڵەکەی تر نزیکتان ناخاتەوە؟

- لەکۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیست بەو مانایە نا، رەوتی ئێمە ماوەی چوار ساڵە پێشڕەوی ئەوەبووین کە هەموو کۆمەڵە یەکبخەینەوە، بەڵام دیارە هەلومەرجەکە گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە داوا دەکات حیزبی کۆمۆنیست لابچێتو وەک کۆمەڵە کار بکەن ئیحساسی نزیکایەتی زیاتر دەکەین، ئێمە خاڵی هاوبەشمان لەنێواندا زۆرەو لەئێستاوە دەبێت پەیوەندی راشکاوانەو ئاشکرایان لەگەڵدا بگرین. ئێستا بزوتنەوەو حەرەکەتێک لەنێو خەتی کۆمەڵە بەگشتی تەنانەت ئەوانەی کە سەر بەهیچ لایەنێک نین پەیدا بووەو پێداگری لەسەر رەخنەو پیاچوونەوە بەرابردووی کۆمەڵەدا دەکات، بزوتنەوەیەکی فکریو سیاسی هاتووەتە ئاراوەو ئێمەش پێمانوایە کە دەبێت بەشداری چالاکانەی تیا بکەین.



# مەرگی پیاوچاکێک

■ ئا: لاپەڕەی کوردستانی

سەرلەبەیانی پێنج شەممەی رابردوو، مەرگ هاتو پیاوێکی گەورەو مەردی ئێمەی بۆ یەکجاری لەگەڵ خۆی برد. پیاوێک کە لەهەموو ژیانیدا نەسەری کوردێکی شکانو نەدڵی کوردێکیشی رەنجان، ئێمەش هەر هەمووومان بەمردنی دڵگران بووین. لەو بەرەبەیانە خەمناکەدا «بەهادین ئەدەب» مرد، ئەو پیاوە هێمنو لەسەرخۆیەی هەمیشە دەیوت «مەحکومین بەوەی لەتاریکترین ساتەوەختدا نائومێد نەبین».

ئەدەب ساڵی ١٩٤٥ لەباوەشی خێزانێکی ناوداری شاری سنەدا لەدایکبوو، لەساڵی ١٩٦٩دا بڕوانامەی ماستەری ئەندازیاری لەزانکۆی تاران بەدەستهێناو پاش تەواوکردنی خوێندنیش، بەهۆی پێگەی بەهێزی ئابوریی بنەماڵەکەیەوە رووی لەکاری ئازادو بەڵێندەریی کرد. هەرزووش بووە یەکێک لەبزنسمانە هەرە گەورەکانی ئێران، دواتریش بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەهەردوو خولی پێنجەمو شەشەمی پەرلەمانی ئێراندا «١٩٩٦ تا ٢٠٠٤» بووە نوێنەری شارەکانی «سنەو دیواندەرەو کامیاران». ئەو کە هەرگیز رۆژێک مووچەخۆرو کارمەندیی دەوڵەتی نەکرد بوو، ئەودەمەی بووە پەرلەمانتار هەموو ئەو مووچەیەی لەچوار ساڵی یەکەمیدا پێیدرا، بەخشیی بەخوێندکارە کوردەکانی زانکۆی کوردستان، مووچەی چوار ساڵی دووهەمیشی تەرخان کرد بۆ کردنەوەی سەنتەرێک بۆ گەنجانی شاری سنە.

ئەدەب لەو دوو خولەی پەرلەماندا بەردەوام لەچوارچێوەی «فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد»دا لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە خەڵکی کورد بەمافەکانی خۆیان ئاشناتر بکاو ئەو رێچکەی ترسە بشکێنێت کە ساڵانێکی درێژخایەنە گەلی کوردی تێخزێنراوە، لەهەمانکاتیشدا ئەو بەردەوام لەکۆششی ئەوەدا بوو دەوڵەت بایەخو گرنگییەکی زیاتر لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بەناوچە کوردنشینەکان بدات.

لەهەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی پەرلەماندا، «شورای نیگەهبان» رێگەی پێنەدا بەشداری لەکێبڕکێی هەڵبژاردندا بکات، هۆکاری رێگە پێنەدانیشی «داکۆکی بەردەوامی ئەم کەسایەتییە بوو لەمافە رەواکانی کورد لەپەرلەمانی ئێراندا».

ساڵی رابردوو، رۆڵێکی ئەکتیڤی لەدامەزراندنی «بەرەی یەکگرتووی کورد» لەناوخۆدا گێڕا، لەسەروەختی دامەزراندنی ئەو بەرەیەدا، «ئەدەب» لەمیانەی گفتوگۆیەکدا بەئاوێنەی راگەیاند کە «من بەڵێن دەدەم هەرگیز کارێک ناکەین لەبەرژەوەندیو سوودی کورددا نەبێت، ئێمە هەر کوردێک لەهەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا بۆ سەربەرزی کوردو مافە رەواکانی هەوڵبداتو سەربەرزی کوردی پێخۆش بێت، دەستی ماچ دەکەینو هیوامان سەرکەوتنیەتی».

لەم زەمەنەدا، کە زەمەنی قاتوقڕیی کاریزمایە لەکوردستانی ئێران، کە زیاتر لەهەر کاتێک پێویستی بەخەباتی مەدەنییە لەناوخۆی وڵاتدا، مەرگی پیاوچاکێک لەقەبارەی «ئەدەب»دا، زیانێکی گەورەو گرانە بۆ هەموو کورد.

# DTP دەنگی بە "گول" نەدا

بەدوای سەردانەکەی «عەبدوڵا گول»ی کاندیدی سەرۆک کۆماری تورکیادا بۆ بارەگای ناوەندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP، کە گەورەترین پارتی رێگەپێدراوی یاسایی کوردەکانی تورکیاو خاوەنی زیاتر لەبیست کورسی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، سەرکردایەتی DTP لەبەیاننامەیەکدا ستراتیجی خۆی بەرامبەر بەهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا راگەیاند.

DTP لەم بەیاننامەیەدا رایگەیاند کە «لەبەرامبەر دەنگدانیاندا بەعەبدوڵا گول مەرجێکیان هەیە، ئەویش چارەسەرکردنی دیموکراتیانەی کێشەی کوردە».

DTP داوای لەعەبدوڵا گول کرد کە «تا رۆژی دانیشتنی پەرلەمان بۆ دەنگدان هەڵوێستی خۆی لەوبارەیەوە راشکاوانە دەرببڕێت کە ئەو بۆ چارەسەرکردنی دیموکراسیانەی ئەو کێشەیە لەچوارچێوەی دەستوری تورکیادا هەوڵ دەدات».

DTP ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەدیدارەکەیاندا لەگەڵ گول، ناوبراو هیچ شتێکی روونو راشکاوی سەبارەت بەو مەسەلەیە رانەگەیاندووە، ئەگەر لەسەر ئەم هەڵوێستەشی تا رۆژی هەڵبژاردن بەردەوام بێت، ئەوا DTP لەدانیشتنی یەکەمی هەڵبژاردنەکەشدا بەشدار دەبێت بەڵام ئامادە نییە دەنگ بەعەبدوڵا گول بدات.

دوێنێش لەیەکەم دانیشتنی پەرلەماندا، پەرلەمانتارەکانی سەر بەDTP کاغەزەکانیان بەسپێتی خستە سندوقی هەڵبژاردنەوەو دەنگیان بەگول نەدا.

# گەورەترین خۆپیشاندانی ئێزیدییەکان

لەدژی کۆمەڵکوژییەکەی شنگال زیاتر لە شەش هەزار ئێزیدی بەشداریان لەو خۆپیشاندانەدا کرد لەلایەن چەند ناوەندێکی روناکبیری ئێزیدیەکانەوە لەشاری هانۆڤەری ئەڵمانیا رێکخرابوو.

لەم کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەدا کە رۆژی ٨/١٨ ساز کراو بەگەورەترین خۆپیشاندانی ئێزیدییەکان دادەنرێت، چەندین کەسایەتی ئایینیو هونەریو سیاسی بەشدارییان تیا کرد، کە دیارترین فەلەکناس ئوجای ژنە پەرلەمانتاری کوردی ئێزیدی بوو.

ئوجا لەبەردەم جەماوەری خۆپیشاندەردا وتارێکی خوێندەوەو ئاماژەی بەوە کرد کە «ئەم پیلانو کردەوە تیرۆریستییانە بەو ئامانجە ئەنجام دەدرێن تا کوردە ئێزیدییەکان لەزێدی رەسەنو شوێنە پیرۆزەکانیان لەشنگالو موسل دەرپەڕێندرێن»، ئوجا بۆ رێگرتن لەبەئەنجامگەیاندنی ئەو پیلانە داوای لەحکومەتی هەرێم کرد کە «ناوچەکانی ئێزیدییەکان لەموسڵو دەوربەریدا بپارێزێت».




ئەمە بۆ یەکەمجارە کە وڵاتێکی ئەورووپی چالاکییەکی وا گەورەی ئێزیدییەکان بەخۆیەوە ببینێت. ئەڵمانیا نزیکەی ٣٠ هەزار کوردی ئێزیدی تیا دەژیو بەمەڵبەندی سەرەکی کۆبوونەوەی رەوەندی کوردە ئێزیدییەکان دادەنرێت لەدەرەوەی وڵات. کچێکیشیان کە «فەلەکناس ئوجا»یە، ماوەی هەشت ساڵە تاکە کوردی ئەندامی پەرلەمانە یەکێتی ئەورووپایەو یەکێکە لەداکۆکیکەرە سەرسەختو دڵسۆزەکانی مافی کورد.

تەقینەوەکەی شنگال، بەپێی راگەیاندنی ئەنجومەنی فیدراسیۆنی کۆمەڵی ئێزیدییەکان لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا، گەورەترین کۆمەڵکوژییە بەرامبەر بەئێزیدییەکان ئەنجامدرابێت، لەم کۆمەڵکوژییەدا نزیکەی ٨٥٠ کەس کوژرانو بریندار بوون، کە زۆربەیان ژنو منداڵ بوون.